# چۆن مۆدێرنێتە لە ڕێڕەوی خۆی لایداو گۆردرا بۆ پێچەوانەکەی؟

نوسینی // هاشم صالح) وەرگێرانی ئەحمەد فاتیح محەمەد

ماوەی چەند سالێکە رۆشنبیران لە ئەورووپا و ئەمریکا لە هەولّی دیاریکردنی قەیرانی مۆدێرنێتەدان. وچارەسەر و پێشنیارەکان لەبیریارێکەوە بۆ بیریارێکی دی جیاوازە. بەلاّم کۆدەنگیەك هەیە کەوا شارستانیەتی رۆژئاوا لەقەیراندایە، توشی نەخۆشیەکی قورس بووە.

ئەم نەخۆشیەش لە کۆمەلێك لادانلا بەدەردەکەوێت، وەك نوقم بوون لە خواردنەوەی زۆری کهول و مادده بێهۆشکەر و سرِکەرەکاندا، ودابەزین بۆ جۆرەها کاری نائاسایی(شژوز)، هەروەها کەوتنەخوارەوە بۆ ئامێزی نەبونیەت و رێژەیی کەجیاوازی لەنێوان راست و هەلّە، باش و خراپدا ناکات.

بەم جۆرە هەموو ئەو روخسار و دەنگدانەوانەی کە رەفتاری مرۆییان کۆنترۆلّ و ئارام دەکرد، ولەهەموو ئەو لادانانە پارێزگارییان دەکردکەجەستە و رۆحی تێکدەشکاند لەناوچوون، وپێوەندگی گشتی گەردوون کە بەسەر کۆمەلّگای گشتی مرۆڤایەتیدا جێبەجێ دەبێت بوو بە بلّقی سەر ئاو.

بەم شێوەیە هەموو مرۆڤێك داوای مافی پێکهێنانی مۆرالێکی تایبەت بەخۆی دەکات، کەپەیوەندی بەکۆمەلّ و هیچ کەسێکی دییەوە نەبێت، هیچ ئاکارێك لە ئاکارێکی دی باشتر نیە، بەپێی تیوری رێژەیی نەك رێژە هەمووشتێك هاوتایە.

ئەم دۆخە وکۆمەلێك بابەتی تر، بیریاری فەرەنسی (ژان کلودگیبۆ) نیگەران کرد بۆیە کتێبێکی لەژێرناونیشانی) خیانەتی رۆشنگەری، بەدواداچوونی داچلەکینی سەردەم لەئەورووپا)نوسی.

لەرۆژئاوا قەیرانی مانا هەیە، تەنانەت تینویەتیەکی زۆریش بۆ مانا : مانای ژیان و بوون.

مرۆڤی رۆژئاوایی دوای دەستەبەرکردنی هەموو شتێك و تێربوون لە مادديات و چێژو پێویستیەکانی، هەست بەجۆرێك نەبوونی وبرسێتی دەکات لە ژیانیدا، جگە لە پێویستی بۆ خواردن و خواردنەوە و چێژە هەست پێکراوەکان و خۆشگوزەرانی ئابوری، بۆیە قەیرانی مرۆڤی رۆژئاوا لەرووی چۆنایەتیەوە لەقەیرانی مرۆڤی عەرەبی–ئیسلامی جیاوازە، باشتر وایە بلێین زیاد لەپێویست نەرم و ناسکە.

بیریاری ناوبراو بەشێوەیەکی دلّسۆزانە و پربایەخەوە ئەو کێشەیە دەخاتە روو، بەیەك رۆحی تێگەیشتن و لەدیدێکی فراوان و لێپرسراوانەوە گفتوگۆی کێشەکانی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا دەکات.

بێگومان بابەتەکانیش تێکەلاّو ناکات و ناکەوێتە نێوان مەیلی گونجاندن و جیاوازییەوە، کێشەکان بتوێنێتەو یا بیسرێتەوە لە بری چارەسەرکردنێکی ئازایانە و روون و ئاشکرا.

کاتێك رەخنە لەمۆدێرنەی رۆژئاواو ئەودۆخەی ئیمرۆ تێدایە دەگیرێت، مانای بانگێشەکردن و گەراندنەوە نیە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە پارێزگاران و توندرەوەکان خوازیارین.

بەلّکو مەبەستی گەراندنەوەیە بۆ رێگای راست، بۆ فەلسەفەی گەورە فەلسەفەی رۆشنگەری، کە پێش دووسەد سالّ دامەزراوەو هاتۆتە بوون.

ئەگەر ئێستا مۆدێرنە کۆمەلێك کەم و کوری و بۆشایی دیار و ئاشکرای هەبێت، بەهیچ جۆرێك ئاماژە نیە بۆ پاشگەزبوونەوە لە پرانسیپە گەردونی و شارستانیەکان، بەپێچەوانەوە، دەبێت زیاتر و زیاتر خۆمان بەو بارودۆخە جیهانیەوە ببەستینەوە، کەتیایدا پێودانگەکان هەرەسیان هێناوەو تواونەتەوە، ولەلایەك تەنها پێودانگە بازرگانی و بەکاربەرەکان بوونیان هەیە، ولەلایەکی تر پێودانگی ئوسولیە توندرەوەکان.

لەم ململانێیەی ئێستاداکەلەسەر فراوانترین بواردا هەیە، لەنێوان جیهانگیری سەرمایەداری درندە، و هێزە ئوسولیە دەمارگیر تیرۆریستەکان، دەبێت بگەرێینەوە بۆ فەلسەفەی رۆشنگەری، کەشارستانیەت و مۆدێرنەی دامەزراندووە، پەنا بۆ دەنگی ئەقل و لۆژیك ببەین.

ژان کلۆد گیبو دەلێت : پرۆژەی رۆشنگەری گەورەترین دەسکەوتی مرۆڤایەتیە تا ئێستا، مۆدێرنەی رۆژئاوا بۆیەکەمجار لەمێژوودا، مرۆڤی گەیاندە قۆناغی تاکی ئازاد و سەربەخۆ.

وهیچ هێزێکی تاریك، لاهوتی وسەرکوتکەر نیەفشاری بخاتە سەر و کۆنترۆلی بکات، سەرەتا مۆدێرنە لە کۆتی هەژاری و برسێتی رزگاری کرد، تەنانەت هەژارو مرۆڤی ئاسایی ئێستا لەرۆژئاوا،زۆر باشتر لەپاشاو وەزیرەکانی سەدەی شانزەوحەڤدەهەم ژیان دەگوزەرێنن.

هەروەها لەماوەی سەدەیەکدا پێنج بەرامبەر توانای کرین زیادی کردووە، وکاتژمێری ئیشوکار کەمتربۆتەوە،کاتەکانی ئیسراحەت و خۆشی وکات بەسەربردن زۆربووە،وەلێ کەل و پەلی بەکاربەر بەجۆرێك زۆربووە ئەگەر سەردانی بازارەکانی ئەوروپا بکەیت و بەشەقامەکانیدا گوزەربکەیت توشی سەرسامی دەبیت، بەتایبەتی ئەگەر لەولاتانی جیهانی سێهەمەوە بچیت.

هاولاتیانی ئەوروپای رۆژهەلات لەدوای هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم،سەردانی ئەوروپای رۆژئاوایان کردبوو توشی شۆك وهەلچوون ببوون، باوەریان نەدەکرد ئەو هەموو خۆشییە بەربلاوەی کۆمەلگای سەرمایەداریان بینی، لەکاتێکدا لەبازارودوکانەکانی خۆیاندا شتێکیان دەست ناکەوێت بۆ خواردن.

هیچ مرۆڤێکی رۆژئاوایی لە خودی خۆی ناترسێت ئەگەر بۆچوونی خۆی سەبارەت بە، ئاین،سیاسەت، ژیان، بەشێوەیەکی گشتی دەربرێت وکەس فشاری بۆناهێنێت، بۆ بروابوون یان نا، بۆ ئەوەی مارەسەی سروش و بۆنە ئاینیەکان بکات یان نا، رۆژانی یەك شەممە بچێتە کەنیسە یاخود نەچێت.

لەژیاندا تۆ ئازادی بەمەرجێك زیان بەکۆمەل و دەوروبەر نەگەیەنیت، گرنگ ئەوەیە هەلسوکەوتت رێك و راست بێت، وگرنگی بەبەرژەوەندی گشتی بدەیت، ومەسەلەکانی دی پەیوەندی نێوان تاك وخودایە.

بۆیە کاتێك باس لەقەیرانی شارستانیەتی رۆژئاوادەکەین، مانای ئەوەنیە ئەم شارستانیەتە لەسەرلێواری هەرەسە، یاهەموو شتێك هەلەیە ولادانە لەرۆژئاوادا، وەك لەسەرەتای ئەم نوسینەدا دێتە بەرچاوو.

نەخێر تەنها مەبەستمانە بلێین دەکرێت ئەم شارستانیەتە باشتر بێت، بەشێوەیەکی تایبەتی دەمانەوێت بلێین هەرشتێك سەرکەوتن بەدەستبهێنێت راستەوخۆ دەگۆردرێت بۆ شتێکی کەم وێنە ئەزمونێکی بالا وپێوانەیی، وهەندیك جار زۆرەملێ.

بەمانای مۆدێرنە رەق هەلگەراوەوکلسی‌کردووە و هەندێك جار گۆردراوە بۆ پێچەوانەکەی.

ودوای سەرکەوتنی رۆژئاوا بەسەر رۆژهەلاتدا،یاسەرمایەداری بەسەر کۆمۆنیستدا، زۆربەی رۆژئاواییەکان شانازییان بەوە شارستانیەتەوە دەکردوکەم و کورییەکانیان لەیادچوو، تەنانەت سەرەکیترین بابەت کەبیری مۆدێرنە لەبیری پێش خۆی جیادەکاتەوە لە بیرچوو، واتە رۆحی رەخنەگرتن و ئازادی رەخنە.

ژان کلۆد گیبو راشکاوانە دەلێت: بۆیە رۆژئاوا لەقەیراندایە، چونکە رۆحی رەخنەگرتن لەسەر خۆی جێبەجێ ناکات، بێگومان رەخنەش ناوەرۆکی مۆدێرنەیە، ئەمەش بۆتە فاکتەری سەرکەوتن بەسەر شارستانیەتەکانی‌تردا، وەك شارستانیەتی بوزی، کۆنفۆشیۆس، عەرەبی – ئیسلامی. . هتد.

ئەمەش بەمانای ئەگەر ئازادی رەخنەگرتن نەبوایە، نەرۆژئاوا،نەمۆدێرنە،نەشارستانیەت نەدەبوو.

ئەم ئازادییەش وەك ئیمانوێل کانت دامەزرێنەری ئەقلانیەتی روشنگەری دەلێت سنوری نیە، کانت دەلێت (سەدەی ئێمە – سەدەی هەژدە، سەدەی رۆشنگەری – سەدەی رەخنەیە و دەبێت هەموو شتێك ئامادەی رەخنەبێت، تەنانەت بیروباوەرەکانی ئاینی مەسیحی کەزۆرلەلایەن گەلانی ئەوروپاوەپیرۆزن).

بەلام سەرنج دەدەین دوای دووسەد سال بەسەرتێپەربوونی مۆدێرنەدا،مۆدێرنە خیانەتی لەکانت کردووەو ناچێتە ژێر سەنگی پرسیارو رەخنەوە، وگۆردراوە بۆ راستیەکی رەها لەئەزموون و ئازادییدا، لەکاتێکدا هەمیشە پرسیارێکی کراوەبووە.

www. kurdistannet. org
20/05/2003 01:41

لێرەوە زۆر لەرۆشنبیرانی ئەوروپا و ئەمریکا بەئیمتیازێکی تایبەت بەکۆمەڵگای خۆیانی دادەنێن، گومانی تێدانیە کە ئیمتیازە، بەلاَم پێویست بەو مەیلە خۆپەرست وداخرانە ناکات کەمەبەستیەتی مۆدێرنە قۆرخ بکات، ولەبازنەی خودی خۆی و ئیمتیازوساماندا قەتیس بمێنێتەوە.

پاشان مۆدێرنە کورتکرایەوە بۆ رەهەندەکانی تەکنەلۆژیا، کاروباری خەرجی، سەربازی، لەرۆحی شارستانیەت و مرۆڤایەتی بەتاڵکرا.

لێرەدا خیانەتی رۆژئاوا بۆ ئەو پرانسیپانەی دەردەکەوێت، کەشارستانیەت و مۆدێرنەی پێش سێ چوار سەدەپێکهێناوە.

ئێستا رۆژئاوای خۆپەرست لەکەسێکی زۆر زەنگیندەچێت، چواردەوری بەدراوسێ و خزم و کەسی هەژار گیراوە، هەوڵدەدات دەرگاکانی ماڵەوە سیاج و تەلبەند بکات و داییبرێت، تا نەچنە ژورەوەو پارچەیان بەرنەکەوێت. ژان کلۆد گیبو دەڵێت: (ئێستا لەرۆژئاوادا ئارەزوی مۆنۆپۆڵکردن هەیە، ولە چەند فۆرمێکدا دەردەکەوێت.

بۆرێگەگرتن لەکۆچی دانیشتوانی ولاَتانی مەغریب و رەش پێست و موسوڵمانەکان ئەوکەسانەی‌حەزیان پێناکرێت،کەلە رێگای کۆچەوەبچنەبەهەشتی ئەوروپا چەند یاسایەکی توندوتیژیان گرتۆتەبەر، هەروەها مۆنۆپۆڵکردنی کالاَ وشمەکە هەرزان بەهاکانی تایلند وماليزياوپڵنگەکانی ئاسیا بۆ ئەوروپا، چونکە ئەم کالاَیانە زۆر بەئاسانی توانای کێبرکێی کارگەو کالاَکانی ئەوروپایان هەیە و سەرکەوێتیش بەسەریاندا).

وەڵێ لەدوای(11) سێبتەمبەر رۆژئاوا ترسێکی دیهەیە ئەویش: ترسی تیرۆری ئسولێیە، ونیگەرانە کەبۆ هەمیشە توانای پارێزگاریکردنی شارستانیەتەکەی نەبێت.

چونکە وا هەست دەکات قەلاَیەکە چواردەوری دوژمن و بەربەرەکانن!وبۆ بەرپەچدانەوەی داگیرکەران و رزگارکردنی ئەم مۆدێرنەیەی رۆژئاوا دروستیکردووە،کەلەهەندیك لایەنەوە سەرسورهێنەرە، گومانی تێدانیە پشت بە هێزە بازرگانی و تەکنەلۆژی‌وسەربازی، وهەروەها سوپاوهەواڵگری وکلاَوەئەتۆمیەکان ببەستێت.

بەلاَم تاکەی دەتوانێت لەسەر ئەم هەڵوێستە هەلپەرست و چاوچنۆکیەی بمێنێتەوە؟ ومۆدێرنە چ مانایەکی دەبێ ئەگەر خێر و خۆشی هاوبەشی بۆ سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەبێت؟ وئایا رابەرانی یەکەمی دروست بوونی پرۆژەی رۆشنگەری و مۆدێرنە بەو شێوازە فکرییە هەژارەو دۆگمایانە بیریان دەکردەوە؟ وەڵێ دەزانین کوندورسیە، سان سیمۆن، ئۆگۆست کۆنت، جان جاك رۆسۆ، ئارنست رینان، لەو رابەرانەبوون کەبەتوندی داکۆکیان لەپێودانگی گەردوونی دەکرد.

هیچ جیاوازیەکیان لەنێوان مرۆڤەکاندا نەدەکرد،وبۆ رەگەز، ئاین،تایەفە پۆلێنیان نەدەکردن، تەنانەت رێزیان لەکەرامەتی مرۆڤەکان دەگرت لەهەموو رووەکانەوە، سپی پێست،رەش پێست، موسولمان،مەسیحی،بوزی. . . هتد.

وخەونیان بەئاییندەیەکی پرشنگدارەوەدەدیت بۆ مرۆڤایەتی، کەئەقڵ کاروبارەکان بەرێوەبەرێت، وهەموو جۆرە جیاوازییەکی رەگەزی و تایەفی وەلابنێت.

بە دوای ئەماندا گۆتە هات، کەپێمان دەڵێ، هەموومان سەربەرەگەزی مرۆڤایەتین و پێویست بەجیاوازی ودژایەتی ناکات، چونکە سەربەیەك ئاین، یەك رەگەز، یەك زمان نین، ئەوەندە بەسە یەك رەگەزی مرۆڤایەتی کۆمان دەکاتەوە.

فەیلەسوفەکانی سەرەتا باوەڕییان وابوو، سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،نەك بەتەنها دانیشتوانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور،سود لەمۆدێرنەو شارستانی وپێشکەوتن ببینن.

کۆندورسیە جارێکیان لەساڵی .178 دا دەنوسێت: چۆن راستی بۆ هەمووان یەکە، مافی هەموو مرۆڤێکیشە لەسایەی یەك سیستمدا بژین کە، ئەقل،دادپەروەری،مافی مرۆڤ،مافی موڵکیەتی تاك و ئازادی وتەندروستی. . . هتد دەسەلاَتداربێت.

www. kurdistannet. org
20/05/2003 01:41

بەلأم رۆسۆ سالّی ١٨٧٢ دەلّێ: کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بەبیرکردنەوەی سروشتی مرۆییەوە هەیە، ئەوا فەیلەسوف راستی نەهندییە، نەتەتەرە، نەسویسرییە، نەفەرەنسیە، بەلّکە مـرۆڤـە، بۆیە هیچ نەژادێك لەنەژادێکی تر، رەگەزێك لەرەگەزێکی تر باشترنییە، سەرجەم نەژادەکان لەروی سروشتی مرۆڤایەتیەوە هاوتان.

تەنانەت مۆنتیسکۆ دەنوسێت ودەلّێ:

من مرۆڤم و فەرەنسی نیم تەنها بەرێکەوت نەبێت، ئەگەر لەئێران لەدایك ببومایە فارسی دەبووم، لەدورگەی عەرەبستان لەدایك ببومایە عەرەب دەبووم، دەرەنجام پێویستە بەئاگابین لەناکۆکیە شۆڤێنی و رەگەزپەرستیەکان، وکەس لەکەس باشترنیە، تەنها بەدلّسۆزی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی نەبێت.

وەلّێ، ئایا ئێستا رۆژئاوا دلّسۆزە بۆ ئەو دیدگا فراوانەی فەیلەسوفانی رۆشنگەری؟یاخود خیانەتیان کردووەو لایانداوە لەپێناوی زمەتکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و تەنانەت توێژێکی بچوك؟ ئەزموونی مێژوو سەلماندویەتی کەلەساتێکدا خیانەتکراوە.

لەبەرئەوە بلأوبونەوەی ئایدۆلۆژییە فاشی، رەگەزپەرست،وچەپی توندرەوەمان لە ئەلّمانیا وفەرەنسا وئیتالیا بینی، لەئیسپانیاش تاکۆتایی سەردەمی فرانکۆ بەردەوام بوو، لەپورتوگال تا سەردەمی سالازار، ئەمەش پێش چوونە ناو چەرخی دیموکراتی، گەیشتن بە کەشتی ئەورروپای شارستانی.

لەراستیدا مۆدێرنەی رۆژئاوا خاوەنی دوو رووە، رویەکیان رزگارکەر، مرۆیی، عەقلأنیەت.

بەلأم لەهەمان کاتدا مەیلی فراوانخوازی، هەژمونگەری و چەوساندنەوەی بەرامبەرە ئەگەر پێویست بکات، بەدرێژایی مێژوو هەردوو رووەکە بەدیارکەوتوون.

کاتێك فرۆکەکانی ئەمریکا ڤێتنامیان بۆردومان دەکرد، رۆشنبیران دەرژانە شەقامەکانی پاریس،وفرانکفۆرت وزانکۆی کالیفۆرنیا خۆپیشاندانیان دەکرد، لەدژی ((جەنگی ڤێزەوەن)) وئیدانەکردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکی.

هەروەها کە سوپای فەرەنسی لەجەزائیردا هەلّدەستا بەچەند کارێکی ڤێزەوەن، ژان پۆل سارتەرو دەیان رۆشنبیری فەرەنسی هاوپشتی خۆیان بۆگەلّی جەزائیر وخەباتیان لەپێناوی رزگارییدا دەردەبری.

ئەمە لەکاتێکدا سارتەر و لیڤی شتراوس و فۆکۆ و چەندانی دی شاکارە گەورەکانیان دەنووسی، سندوقی دراوی نێودەولّەتی وبانکی نێودەولّەتی هەژموونیان بەسەر جیهاندا کردبوو.

رۆژئاوا باسی ئازاری ویژدانی خۆی دەکات، بەرامبەر ئەو جەنگە کۆلۆنیالیانەی دژی گەلأنی تر کردویەتی، بەلأم هەلّسوکەوتی سیاسی ورەفتارییان پێچەوانەیە وەك ئەوەی هەست بەهیچ ئازارێکی ویژدانی نەکات!بەم شێوەیە وادەردەکەوێت توێژی سیاسی لەلایەك و توێژی رۆشنبیران لەلایەکی دییە،ئەمەش دوالیزم و دوورووییە.

هەرچۆنێك بێت مۆدێرنەی رۆژئاوا پێویستی بە بەخۆداچوونەوەو رەخنە لەخۆگرتن هەیە، بۆئەوەی کەمتر زۆردارو لووت بەرزبن، وزیاتر دادپەروەرومرۆیی بن.

سەبارەت بەرۆشنبیرانی عەرەب و موسولمان، پێویستە رەخنە لەئوسولی و توندرەوی ئاینی بگرین، لەپێناوی گەیشتن بە شیکردنەوەیەکی رزگاربەخش یا رۆشنگەر هەیە بۆکەلتوری عەرەبی – ئیسلامی.

ئینجا هەردوولا دەتوانن لەمەیدانی فەلسەفەی رۆشنگەرییدا بەیەك بگەن، کەگەورەترین سەرمایەی هاوبەشی مرۆڤایەتیە.

خیانەتی رۆشنگەری /دانەر: ژان کلۆد گیبۆ /شۆێنی بلأوکردنەوە: سوی–پاریس،---------------5-1-2003 کارەکانی فەندەمینتالیزمی مەسیحی بەدرێژایی سێ سەدە.

لەسەر رۆشنبیرانی ئەورروپا و ئەمریکا کەداوای جلّەوگرتنی توندرەوی ئاینیمان لێدەکەن، ئەوە بزانن کەئەم مەسەلەیە بەشەوورۆژێك چارەسەر نابێت.

www. kurdistannet. org
20/05/2003 01:41

لەزانكۆكانی رۆژئاوادا پسپۆرییەك هەیە بەناوی زانستی بەراوردی ئاینەكان، رەنگە پێویست بێ پسپۆرییەكی نوێشی بخەینە پاڵ بەناوی ((زانستی بەراوردی ئوسولیەكان)).

ئەوەی مێژوی ئوسولیەتی مەسیحی لەرۆژئاوادا خوێندبێتەوە،كە چۆن ئەم ئوسولیەتە بەرەنگاری رۆحی زانستی نوێ بۆتەوە، هەرلەساتەوەختی گالیلۆ تا داروین، لەپاشاندا سەیری بارودۆخی ئێستای جیهانی ئیسلامی بكات، تەنها دەتوانێت بڵێ: ئیمرۆ لە دوێنێ دەچێت!ترس لەزانستی نوێ و داهێنانەكانی خاڵی هاوبەشی هەردوو ئوسولیەتە.

بۆیە رۆژئاوا مافی ئەوەی نیە،بەتوندرەوو دەمارگیر تاوانبارمان بكات و ئیسلامیش لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بكات، لەلایەكەوە تەواوی رەفتارەكانی ئوسولیەتی رۆژئاوایی بەدرێژایی سێ سەدە لەیادبكات، ولەلایەكی ترەوە پێویستە ئێمەی رۆشنبیرانی مۆدێرنە هەست بەمەترسی بابەتەكەبكەین، لەدیدێكی كەم وگاڵتە ئامێزەوە كاردانەوە توندەكانی ئوسولیەكان بەرامبەرزانستی نوێ نەخوێنینەوە.

ئەركێكی گرانە ئاوەزو بیروباوەری ئاینی كلاسیكی، هەموو زانستی نوێ قبول بكات، لەكاتێكدا ئەوروپا لەدوای دووسەد ساڵ لەشەری ناوخۆو گفتوگۆی گەرم وگورِ ئەو زانستانە قبولكرا.

ئەم وتویەش ئاراستەی سەرۆك بۆش و رۆشنبیرانی ئەوروپا و ئەمریكا دەكەم كە هانمان دەدەن بۆ جڵەوگرتنێكی توندی توندرەوی ئاینی. گومانی تێدانیە لەدوای ئەو هەموو كارە نایاسایی و تاوانبارییانەی ئەنجامدراوە، كەبانگێشەمان بكەن بۆ كارێكی لەو جۆرە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن ئەم مەسەلەیە لەچاوتروكانێكدا چارەسەرناكرێت.

هیچ لێپرسراوێكی عەرەبی بالاْ دەست، ناتوانێت هەڵكشانی كێرڤی ئوسولیەت بەبریارێك رابگرێت، بەڵام دەتوانێت بەهۆی چەند بریارێكی گونجاووپاڵپشت و هاوكاری رەوتە مامناوەندەكان لەبەرامبەر توندرەوە نامەسئولەكاندا هەندێك ئیجرائات وەربگرێت، بەڵام یەكلاییكردنەوە كاتێكی زۆر دەخایەنێت، وەك مێژووی ئەوروپا هێمای بۆ دەكات.

لەبەرئەوە داواكارین رۆژئاوا وەك خۆیان مامەڵەمان بەرامبەر بكەن، واتە كات و ماوەیەكی پێویستمان بۆ روبەروبوونەوەی لەگەڵ ئەو جەنگە دیالكتیك وبەبەرهەمەی مۆدێرنەدا بۆ دابنێن.

پاشان دەتوانین كەلتوری عەرەبی–ئیسلامی و پێودانگی مۆدێرنەی زانستی وفەلسەفی بگەنجێنین، ئێمە ناتوانین سەردەمەكان بسوتێنین، وراستەوخۆ ئەو بەرژەوەندییە مێژووییانە دەستەبەربكەین، لەئێستادا ئامادەنین و توانامان نیە.

بۆ ئەم قسانە دەكەم؟ چونكە لەم دواییەدا كتێبێكی بەنرخی پرۆفیسۆر ((جۆرج مینوا))م خوێندەوە دەربارەی چیرۆكی ئەو ململانێ توندەی نێوان ئوسولیەتی مەسیحی و مۆدێرنە كەلەئەوروپادا رویداوە.

ناوبراویش ئەندامی سەنتەری نێودەوڵەتی توێژینەوەولێكۆڵینەوەی فرە پسپۆرییەكانە، هەروەها یەكێكە لە پسپۆرەگەورەكانی فەرەنسا لەبواری لێكۆڵینەوەی ئەقلانیەتی ئاینی، ئەم كتێبە لەدوو بەشی گەورە پێكهاتووە، تیایدا نوسەر باس لە هەڵوێستی كڵێسەی مەسیحی وڤاتیكان دەكات لەبەرامبەر زانستدا، بەشی یەكەم لەقەشە ئۆگستینۆسەوە لەسەدەی چوارەمی زاینی تا گالیلۆ لەسەدەی حەڤدەهەم دەست پێدەكات، بەشی دووەمیان باس لەچیرۆكی ئەو ململانێیە دەكات لەگالیلۆوە تا پاپای ئێستا یوحەنا پۆڵسی دووەم، كە داهێنانە زانستیەنوێیەكان قبوڵ دەكات، پاش ئەوەی پاپاكانی پێشوو بەدرێژایی سەدەكانی رابردوو رەتیان دەكردەوە.

ئەمە چیرۆكێكی‌قارەمانانەی مەزنە.

ئیمرۆ لەلایەنی ئیسلامیەوە وەك خۆی لەبەرچاوومان دووبارەدەبێتەوە. رەنگە كارێكی سودمەندبێت بۆئێمە تاپەندی لێوەوەربگرین، وبزانین لەئەوروپا ئەو جەنگە چۆن رویداوە.

وادیارە ناتوانین لەم روبەروبونەوە ئاڵۆزەی كەبەشێوەیەكی خێرا و پێویست خۆدەسەپێنێ دەربازبین، كەبەروبەربونەوەی قورس و یەكلایی كەرەوەی خودی عەرەبی – ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا ناوزەدی دەكەم.

جۆرج مینوا لەسەرەتای بەشی یەكەمدا دەڵێت: بەدرێژایی دوو هەزار ساڵ كە قەشە پۆڵس لەیۆحەنا پۆڵسیدووەم جیادەكاتەوە، چەند كێشەوململانێ ئیدانە لەنێوان هەردوولادا رویداوە كڵێسە سەرەتا زانستی یۆنان و ئەرستۆتالیسی بەبیانوی بت پەرستی‌یەوە رەتكردەوە، پاشان بەدرێژایی سەدەكانی ناوراست قبوڵی كرد.

www. kurdistannet. org
20/05/2003 01:41

کاتێك قەشە تۆما ئەکوینی توانی ئاشتبونەوەیەکی سەرکەوتوو لەنێوان بیروباوەری ئاینی و فەلسەفەی ئەرستۆتالیسدا دەستەبەربکات، ئەم دۆخە بەردەوام بوو تاکۆپەرنیکۆس و گالیلۆ دەرکەوتن، لێرەوە جەنگی گەورە لەنێوان ڤاتیکان و زانستی نوێدا هەڵگیرسا، کەباسی لەسوراندنەوەی زەوی بەدەوری رۆژدا دەکرد نەك بەپێچەوانەوە.

ئینجا گالیلۆ لەلایەن زاناکانی لاهوتی مەسیحی یەوە ئیدانە و حوکم درا. سەری خۆی پێشکەش نەکرد تا لەهەڵوێستی خۆی پاشگەزنەبۆوە. بەلاّم جیوردانۆ برینۆ کە٣ ساڵ پێش کۆپەرنیکۆس بووە، نەیزانی چۆن پاشگەزبێتەوە،بەکافر تاوانبارییان کردوو، بەشێوەیەکی زۆر تۆقێنەر زمانیان لەئەشکەوتە و کونەتاریکەکانی ڤاتیکاندا بری.

لەدوای جەنگی گالیلۆ، جەنگێکی دی لەنێوان پیاوانی ئاینی و زاناکاندا رویدا، سەبارەت چەمکی ناوکی ماددە، ومیکانیکیەتی گەردوون،پاشان جەنگێکی قورستر رویدا،دوای ئەوەی داروین بانگێشەی بۆ تیورە بەناوبانگەکەی((گەشەسەندن)) کرد.

مینوا بەردەوام دەبێت ودەڵێ: راستە پەیوەندییەکان بەردەوام ناکۆك نەبووە، وکڵێسەهەمیشە باسی لەگونجاندنی نێوان باوەرو ئەقڵ دەکرد، تەنانەت هەندێك زانای گەورەهاوکاربوون لە پێناوی پێشکەوتنی بەشێك لە پسپۆرە زانستیەکاندا، بەلاّم زۆربەی کات پەیوەندییەکان مۆرکێکی ململانێی توندی وەرگرتبوو.

ئەم ململانێیانەش لەچەرخی نۆزدەوە، چەرخی داهێنانە گەورەکانی زانست، گەیشتە لوتکە. لێرەوە کڵێسەی مەسیحی بووە قەلاّیەك و واردەوری بەزانستی نوێ تەنرا، بەلاّم سوربوولەسەرهەڵوێستەنەگۆرو کۆنەکانی خۆی سەرەتاییترین دەسکەوتە زانستی ولۆژیکیەکانی رەتدەکردەوە.

لەبەرامبەردا کڵێسە باجێکی قورسی دا، بەکۆنەپەرست ودایەتیکردنی پێشکەوتن تاوانبارکرا، وزۆربەی خەڵك رویان نەدەکردە کڵێسە، وچۆڵ ببوو، وەك مۆزەخانەیەك دەهاتە بەرچاو.

وەلێ ساڵی 196.

کڵێسە درکی کرد وئامێزی بۆ کرانەوە لەسەر، زانستی نوێ، ورۆحی رۆشنگەری کردەوە، بەم شێوەیە ئەوەی بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو قبوڵی نەکرد، قبوڵی کرد.

سەرەنجام باڵی ئوسوڵی توندرەو جیابوونەوە و، کڵێسەیان بە لادان لەپرانسیپە پیرۆزو ئەزەلیەکانی باوەری مەسیحی تاوانبارکرد، بەلاّم باڵێکی بێ هێزن ولەرووی چەندایەتیەوە مەترسییان بۆ سەر رەوتی گشتی نیە.

بەم دواییانە چەندین جار پاپا یۆحەنا پۆڵسی دووەم داوای لێبوردنی کرد، لەبەرامبەر ئەو هەڵوێست دۆگمایانەی کڵێسە دەربارەی زانستی نوێ لەسەدەکانی (١٧-١٨-١٩) تەنانەت دوای سێسەد ساڵ لەکۆچی دوایی گالیلۆ فەتواکەی بەتاڵکردەوە! لەپاشاندا بانگێشەی بۆ گفتوگۆکردن وهاوکاری کردلە نێوان پیاوانی ئاینی لەلایەك،زانایان و رۆشنبیروعەلمانیەکان لەلایەکی دی.

ئەمە هەڵوێستێکی دڵخۆش وکاریگەرە، ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی بیری مەسیحی ئەوروپی، بەلاّم چەند خوێن رژا،وچەند جەنگ رویدا، پێش ئەوەی بەم هەڵوێستە هاوسەنگە بگەن،و دان بەرۆحی سەدە نوێیەکان وداهێنانەکانیدا بهێنن.

ساڵی ١٩٨٥ گەورە پیاوی کەنیسەی پاریس ژان ماری لۆستیگەرووتی:((ئێستا هیچ کێشەیەك لە نێوان ئاین و زانستدا نییە، دوای کۆمەڵێك جەنگ و ململانێ، هەردوولا یەکتر قبوڵدەکەن)) هەروەها لەو کتێبەدا هەوڵ دەدات، قەبارەی ئەو هەلاّنەی ئوسولیەتی مەسیحی، لەبەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر زانستی نوێ سوکتر بخاتە روو.

تەنانەت دەڵێت ناوەندەکانی کڵێسە بنچینە بوون بۆ دروست بوونی زانستی ئەزمونگەری ! بێگومان ئەمەش وتەیەکی هەڵەیە و لەرووی مێژووییەوە ناسەلمێندرێت، هەروەها دەڵێت:نەخێر هیچ کاتێك کڵێسە بەربەستی کاروانی زانست نەبووە، سەیری باسکال بکەن، باوەردارووزانایەکی گەورەبووە لەیەك کاتدا.

بەلاّم خودی باسکاڵ دەڵێت((پاپا رقی لە زانایانە و لێیان دەترسێت چونکە کوێرانە کرنوشی بۆ نابەن!))بۆیە پارێزگاریکردن لەقسەکانی لۆستیگەر ئاسان نیە، کەهەندێك جار لەپاپای ئێستا توندرەوتر دەردەکەوێت، وکەمتر لەسەر راستی بابەتەکان کراوەترە.

لەراستیدا قورسە لۆستیگەر دان بەو هەلاٌنەدابنیٌت کە کەنیسە لەرابردوودا ئەنجامی داوە، ئەمەش هەلٌویٌستیٌکی ئاشکرایە، چونکە رەخنە لەخۆگرتن کاریٌکی قورسە و لەسەر خود ئاسان نیە، وهەموو کەسیٌك توانای قبولٌکردنی نیە، بۆیە سوپاسی هەلٌویٌستە ئازاکانی پاپا دەکەین.

لیٌرەدا خالٌیٌکی زۆر گرنگ هەیەئەویش: مەسیحیەکان لە ئەوروپا توانای گونجاندنی نیٌوان زانست و وئاینیان نەبوو، تادەست بەرداری خویٌندنەوەی (حەرفی) تیٌکستە پیرۆزەکانیان نەبوون.

تەورات سەبارەت بە سەرەتای دروست بوون و پیٌکهیٌنانی ژیان باس لەشتیٌك دەکات، وزانستی سروشتی و فیزیاوی شتیٌکی تر دەلٌیٌن. و لەبەرئەوەی مەسیحیەکان لەسەدەکانی رابردوودا، بە ئازادی و گومانەوە توانای راڤەکردن و خویٌندنەوەیان نەبووە، روبەرووی زانستی نویٌ دەبوونەوە و رەتیان دەکردەوەوبەرەنگاریشی دەبوون، لەو کاتەدا بیری مەسیحی کەوتە قەیرانەوە کە((بەقەیرانی بیری ئەوروپی)) ناوبانگی دەرکرد.

.

وچەند وتاریٌکم لەو بارەیەوە بەتایبەتی لەلاپەرەکانی رۆژنامەی (الشرق الٌوسگ)دا نووسی.

مەسیحی ئەوروپی لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدە و نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش لەنیٌوان دوو هەلٌویٌستدا پەرت ببوو: باوەڕ بەدەقە ئاینیەکان بکات، یاخود باوەڕ بەزانستی نویٌ بهیٌنیٌت.

ولەبەرئەوەی ناتوانیٌت دەست بەرداری تیٌکستە پیرۆزەکان، یا راڤەکردنی(حەرفی)تیٌکستە پیرۆزەکان بیٌ، بۆیە توانای قبولٌکردنی زانستی سروشتی نیە دەربارەی دروست بوونی گەردوون، وسروشتی مادده، چۆنیەتی هەلٌکردنی رەشەبا، وبەفروباران بارین.

.

.

هتد.

بەلاٌم لەهەمان کاتدا هەست دەکات راڤە زانستیەکان لەئەقلٌ و لۆژیکەوە نزیکترن، چونکە لەسەر تاقیکردنەوە سەرنجدانی ورد بنیاتنراوە، لەگەلٌ ئەوەشدا ترسی هەیە ئەگەر باوەر بەزانست بهیٌنیٌ، ئاین وباوەرو ژیانی دوارۆژ بدۆڕیٌنیٌت! ئەمەش هەلٌویٌستیٌکی زۆر ناخۆشە.

لیٌرەوە پیٌویستە لەسەر ئاستیٌکی قولٌ مەسەلەکان بابەتیانە بخویٌنینەوە، تا لە هۆکاری ئەو قەیرانە مەترسیدارە تیٌبگەین،کەبیری ئەوروپی تیٌکەوتووە، لەسەرەتای دروست بوونی زانستی نویٌ لەسەردەستی کۆپەرنیکۆس، گالیلۆ، کیبلەر،دیکارت.

.

هتد.

بیری ئەوروپی دوای سیٌسەد سالٌ لە ململانیٌ و جەنگ، هەلٌکشان و داکشان، وچەندین روبەروبوونەوەو روداوی ناخۆش لەو قەیران ئازاد بوو.

هەنوکە بیری ئیسلامی بەو قەیرانەدا گوزەر دەکات، هولٌویٌستە دۆگماکانی ئوسولیەت سەبارەت بە مۆدیٌرنەو و زانستەکانی، هیچ جیاوازییەکیان لەگەلٌ هەلٌویٌستی فەندەمینتالیزمی مەسیحیەکانی سەردەمی دیٌکارت،نیوتن وداروین نیە.

تەنها جیاوازی لەنیٌوانیاندائەوەیە، کۆمەلٌگای ئەوروپی دووسەد یل سیٌسەد سالٌ پیٌشووتر لەو قەیرانەدا بوون، دیارە ئەمەش ماوەیەکی میٌژووی زۆرە کە کۆمەلٌگای ئیسلامی لە کۆمەلٌگای مەسیحی جیادەکاتەوە.

مانای وانیە دەبیٌ سیٌسەد سالٌ چاوەروان بین، تاکیٌشەکانمان لەگەلٌ عەقلٌیەتی ئوسولٌی چارەسەر بکەین ! هەروەها ناتوانین کیٌشەیەك دووسەد سالٌی خایاندووە بە دەسالٌ وبیست سالٌ قبولٌبکریٌت، بیٌگومان مەسەلەکان پیٌویستی بەکات هەیە.

لەبەرئەوە دەلٌیٌم پیٌویستە سەرۆك بۆش و سەرکردە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی رۆژئاوا لەبارودۆخی ئیٌستای جەماوەری ئیسلامی تیٌبگەن، وبزانن کە دژی شارستانیەت و مۆدیٌرنە نین بەهۆی رِەگەز، ناوەڕۆك و بۆماوەیی.

به پێچەوانەوە چەندین کەس هەیە ئامانجیان زانست و راستی وروناکییە، سەدان زانکۆی جیهانی عەرەب و ئیسلامی هەیە، ملیۆنەها فێرخوازی کچ و کوری هەیە، کەدوای زانست کەوتوون وێرای بارودۆخی ناخۆش.

ئەمانە هەموویان ئوسولێ توندرەووتیرۆریست نین !تەواوبەپێچەوانەوە.

راستە کێشەسەرەکیەکانی مەعریفە تا ئێستا چارەسەرنەکراوە، بەهۆی بارودۆخی تراژیدی کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامیەکانەوە،وهەروەسهێنانی سیستمی خوێندن لەنزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاستی.

چەندین بابەتی بەنرخ و تەنها ژماردنی لەم کتێبەدا، کەهەردوو بەشەکەی هەزار لاپەرە زیاترە، لەمەترسی بابەتە باسکراووبایەخدارەکان دەگەین.

بۆنمونە)) گالیلۆ، کلێسە، زانستی نوێ، دابرانی گەورەی هەردوولا لەسەدەی حەڤدەهەمدا وپاشان ئەو گۆرانکارییە گەورەیەی لەنێوان ساڵی ١٦٨.

-١٧٢.

رویداو چۆن ئوسولێەتی مەسیحی جێبەجێکردنی رەخنەی زمانەوانی و مێژوویی بەسەر تەورات و ئنجیلدا رەتکردەوە)).

کلێسە بەتەنها دژایەتی زانستی فیزیا و سروشت و فەلەکی نەکردووە، بەڵکو دژایەتی زانستی مێژوویی و مرۆیی کردووە، میتۆد و ئەنجامەکانی رەتکردۆتەوە، بە زندیق وکافر ئەژماریکردوون.

ئینجا بەشێوەیەکی تایبەتی بەشەکانی کۆتایی دەخەینە ڕوو ((کلێسە لەسەدەی نۆزدە و بیستەوە جەنگی دژی زانستی نوێ بەرپاکردووە،وبەدرۆوهەڵەتاوانبارییان دەکات)) پاشان((کلێسە زانستێکی دژ بەناوی زانستی مەسیحی کاسۆلیك دروست دەکات، بەلأم هەوڵەکەی سەرکەوتوو نابێت)) هەروەها ((ململانێی توند لەنێوان مۆدێرنەو توندرەوی ئوسولێ لەکۆتایی سەدەی نۆزدە)) و((سەردەمی گفتوگۆوکرانەوە))،((سەردەمی دیالکتیکی گەورەی نێوان لاهوتی و زاناکانی مۆدێرنە.

)) پاشان جۆرج مینوا لەکۆتاییدا دەڵێت:لەراستیدا سەدەی حەڤدە دوو دابرانی سەرەکی تێدا روویداوە نەك یەك دابران.

ساڵی ١٧٢.

، گالیلۆ سەربەخۆیی زانستی فیزیا و فەلەکی بەبەراورد بەوێناکردنی کلێسە و کتێبە پیرۆزەکانی راگەیاند.

ساڵی ١٦٧.

ریشار سیمۆن بلأوی کردەوە خوێندنەوەیەکی دی بێ لەخوێندنەوە کلاسیکی و باوەرداریی و پشتاوپشتە بۆماوەییەکە کەدووسەدساڵە هەیە دەتوانین بخوێنینەوە.

بەم شێوەیە خوێندنەوەیەکی مێژوویی و زمانەوانی تێکستە پیرۆزەکان دەمەزرا.

ئەویش خوێندنەوەیەکە دەق بەمێژووەوە گرێدەدات، یا مێژووی دەقە پیرۆزەکان وەدەردەخات، ئەم کارەی سیمۆن لەرووی شۆرشگێری و مەترسیەوە هیچی لەکاری گالیلۆ کەمتر نەبوو، بۆیە کلێسە ئیدانەی کردوو دایبری وچەوساندییەوە.

ئوسولیەتی مەسیحی باوەری وابووکە، تێکستەکان و بیروباوەرەکانی هەمیشەین و نەمرن ناگۆردرێن، لەسەروو مێژوو سەردەمەکانن، هەروەها لەسەروو مێژووی زەوییەوەیە و پارێزگاری ناکات تەنها بەرێنماییەکانی سەرەوە ئاراستەدەکرێت.

سەرەنجام ریشار سیمۆن تاوانێکی راستەقینەی کردووە، کاتێك پەردەی لەرووی مێژوویی تەورات و ئنجیل،یاپەیوەندییان بەسەردەمەکانی کۆنەوە کەتیایدا نوسراوە هەڵماڵ.

هۆشی باوەرداری،و پشتاوپشتە غەیبیەکان راچڵەکین، کاتێك ریشار سیمۆن کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی :لیکۆڵینەوەی رەخنەی مێژوویی سەردەمی کۆن () (1687واتە تەورات)نوسی، پاشان بەدوایدا کتێبێکی تری بەناونیشانی:لیکۆڵینەوەی رەخنەی مێژوویی سەردەمی نوێ(١٦٨٩).

لێرەوە سیمۆن راڤەی زانستی دەقە پیرۆزەکانی لەناوبرد و شۆرشێکی کۆپەرنیکۆسی لەو بوارەدا هەڵگیرساند.

ئەمە سەرەتای دروست بوونی تێگەیشتنی عەقلأنیەتی ئاینی مەسیحی بوو لەئەوروپا، وسەرەتای سەردەمە نوێیەکان بوو.

www. kurdistannet. org
20/05/2003 01:41
سەردەمی رۆشنگەری کە راستەوخۆ بەدەایدا هات، تەنها ئەم هێڵەی قوڵتر کردۆتەوەو، هەموو ئەنجامەکانی وەرگرت ، ئەم کارەش خەریکە لە جیهانی ئیسلامیدا رووبدات(هەوڵەکانی ئەرەگۆن و نەسر حامید ئەبو زێد.

.

هتد) کەهەمان کاردانەوەی هەڵچوو دروست دەکات، وەك هەوڵەکانی وێشار سیمۆن لە ناوەندە مەسیحیە کاسۆلیکیەکاندا.

بۆیە دەڵێم قەبارەی ئەو ماوە مێژووییە ی نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی و عەرەبی سێسەدەییە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەو خاڵەوەهەیە.

پاشان سەرسام دەبن بۆچی بەریەککەوتن لەنێوان ئێمە و ئەواندا روودەدات، بۆ بن لادن و کۆمەڵەکەی دەردەکەوەن! ئەوەی مێژوویی قوڵی بیر بخوێنێتەوە شارەزای ئەو قولاًییە فراوانەی پێشکەوتنی ئەوان و دواکەوتنی ئێمە بیّ، بابەتەکانی لۆژیکیانە دێتە بەرچاو.

هەروەها چۆن پەندەکە دەڵیّ (ئەگەر هۆکار زانرا، سەرسامیت کەم دەبێتەوە)، ئەمە مانای وانیە کە خودا ئەوانی لە قورێك و ئێمەی لە قورێکی دی دروست کردبێت! بەلاًم بارودۆخی مێژوویی دیاریکراو هەیە، بۆتە هۆی پێشکەوتنی ئەوان و دواکەوتنی ئێمە، ئەگەر بارودۆخی ئێمەش بگۆردرێت بێگومان ئێمەش پێش دەکەوین و شارستانیەتێکی عەرەبی ئیسلامی نویّ پێکدەهێنین، کەلەشارستانیەتەمەزنەکانی پێشوومان کەمتر نەبێت.

*ناونیشانی کتێب: کلێسە و زانست.

چیرۆکی (سوءتفاهم)، ناوی دانەر: جۆرج مینوا، خانەی چاپ: فایا،پاریس.

(١٢-١-٢.

.

٣)-------------------توندرەوەکان توشی شیزۆفرینیای کەسێتی بوون.

.

عەقڵیان نوێیە و رۆحیان بۆ سەردەمە تاریکەکان دەگەرێتەوە.

هەموو ئوسولیەك تەنها ئاینی خۆی بەراست دەزانێت، وئاینەکانی دیکەبە چەواشەکار،و بۆ ساتێکیش بیرلەوە ناکاتەوە، کەئوسولی ئاینەکانی تر وەك ئەو بیر بکەنەوە بەلاًم بەئاراستەی پێچەوانە: بۆ نمونە ئوسولی کاسۆلیکی باوەری وایە کەتەنها بیروباوەری کاسۆلیکی لای خودا راستە و قبوڵدەکرێت، هەروەها سەبارەت بە ئوسولی یەهودی، بوزی، و کۆنفۆشیۆسی.

.

.

هتد.

بنیامین باربییر یەکێکە لەرۆشنبیرە کاریگەرەکانی ئێستای ئەمریکا، لەروی ناوبانگەوە هیچی لە فۆکۆیاما، سامۆئیل هانتیگنتۆن،چۆمسکی کەمتر نیە.

وەلیّ رەنگە ناوی تائێستا لەجیهانی عەرەبیدا وەك ناوبراوانی دی بلاًونەبوبێتەوە، ئەمەش جێگای داخە،چونکە توانای لەناوبراوانی تر کەمتر نیە.

باربییر دژی بەرەی هانتیگتۆنە، کەتەنها رەخنە لە ئوسولیەتی ئیسلامی دەگرێت، بەبیّ ئاوردانەوەیەك لە رەخنەگرتن لەئمپریالیەتی بازرگانی و و فراوانخوازی ئەمریکا.

باربییر تەنها لایەك بەهەڵە دانانێت،بەڵکو هەردوولا: شارستانیەتی رۆژئاوا بیّ کەم وکوری نیە وەك هانتیگتۆن و فۆکۆیاما بانگێشەی بۆ دەکەن، ئەو (فوچی) جیهانیەی ئێستا هەموو کۆمەڵگای گرتۆتەوە،بەرەنجامی تەقینەوە ئاینی رەگەزپەرستی و تایەفگەرییەکان نیە، بەڵکو دەرەنجامی سەرمایەداری جیهانگیری چاوچنۆکە، کەتەنهابەهەای زێدەبایی، تینویەتی بۆ بەکاربردنی پیداویستی، گەشەسەندنی بازارە بازرگانیەکان، دەزانیّ.

جیگای باسه پرۆفیسۆر باربیر مامۆستای زانسته سیاسییەکانه لەزانکۆی نیۆرك، ویەکێکه لەرۆشنبیره نزیکەکانی سەرۆکی پێشوو کلینتۆن، واته سەربەباڵی نویٚ رۆشنبیره ئەمریکیەکانه، نەك باڵی راستڕەوی پارێزگاری هانتیگتۆن،و باڵی راستڕەوی لیبرالی فۆکۆیاما.

وبۆ پیکەنین باربیر لەکاتی وانه وتنەوەدابوو، لەزانکۆی نیۆرك، کاتێك فرۆکەکان خۆیان بەسەنتەری بازرگانی جیهاندا کێشا، بێگومان ئەو دیمەنەکەی راستەوخۆ لە پەنجەرەکانەوە بینی.

ئەم رووداوەش شیکردنەوەکانی پێشووی ناوبراوی دەسەلماند، دەربارەی ململانێی نێوان هێزەکانی جیهاد، وکەلتوری گەردوونی سەرمایەداری رۆژئاوا.

مەبەست لە جیهاد، کۆی ئەو هێزانەن کەدژی مۆدێرنەن، دیاره ئوسولیه ئیسلامیەکان پێشەنگن، بەبۆچوونی ناوبراو ئوسولیەکانی یەهودی، ومەسیحی، هیندۆسی، چەندینی تر رقیان لەمۆدێرنه و فەلسەفەی رۆشنگەرییە، وەك ئوسولیەتی ئیسلامی، بەلاّم بەشێوازو رێگای جیاجیا.

وەلیّ وێرای ململانێی نێوان، ئوسولیەتی جیهادی و سەرمایەداری جیهانگیریراماڵدەر لەسەر شێوازی ئەمریکی، هەروەها پێکداداچوونیش هەیه.

لێرەدا خالّی ناکۆك و سەرسامی دەردەکەویٚ، ئێمە پێشبینیمان دەکردکه ئوسولیەتی توندرەولەلایەك بیٚ، وسەرمایەداری جیهانگیر لەلایەکی دی، بەلاّم راستی وادەرناکەویٚت.

بۆنمونه ئەوانەی هێرشییان کرده سەر نیۆرك و واشینتۆن، توانای بەرزی خۆیان بۆ بەکارهێنان و کۆنترۆلکردنی تەکنەلۆژیا سەلماند، شارەزابوون لە بەکارهێنانی، ئەنتەرنێت، دەزگای زانیاریه نوێیەکان، فرۆکەی خێرا، وتەکنەلۆژیای کاروباری ئاسمانی، مۆبایل.

.

.

هتد.

ئەوانه کۆمەڵه گەنجێکی سەرلێشێواو بیٚ ئەقلّ نەبوون، بەلّکه کەسانی خاوەن توانا و زیرەکیەکی بەرزبوون، سەرەنجام کەل و پەلی سیستمی سەرمایەداری رۆژئاواییان بەکارهێنا بۆ لەناوبردن وێرانکردنی.

لە کۆتاییدا باربیر ئەنجامێکی سەرەکی بەدەست دێنێت ئەویش: بەلیّ ئەقلّی ئوسولیەکان ئەقلّی جیهانی نوێیه، بەلاّم رۆحیان رۆحی سەدەتاریکەکانی ناوراسته .

ئەمەش خالّێکی ناکۆك وتێرامانه،که قبولکردن و تێگەیشتنی ئاسان نیه، وەلیّ دەتوانین راڤەی بکەین کەوا، ئوسولیەکان تەکنەلۆژیای رۆژئاوایان خۆش دەویٚ بەلاّم رقیان لە فەلسەفەی زانستی و رۆشنگەرییه، وهەموو شێوازێکیش بەرەوا دەزانن،لەپێناوی بلاّوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای لاهوتی یاخود تاریکی بەسەرتاپای جیهاندا.

هەندیك جار سەرسام دەبین لەهۆگربوونی ئوسولیەتوندرەوەکان،بۆ دەزگاکانی زانیاریو تەکنەلۆژیای نویٚ،هاوکات دژایەتیکردنی بیره نوێیەکانی رۆژئاوا، لێرەدا باوەردەکەین که ئەوانه تووشی شیزۆفرینیابوون، بۆیه باربیر دەلیّ: عەقڵیان لەلایەکه و رۆحیان لەلایەکی دی.

لەرووی لۆژیکیەوە دەبوایه تەواوی مۆدێرنەیان رەتکردبایەتەوه، چونکه بەرهەمی کفر و کافرانه، بەلاّم تەنها رووکاری دەرەوە ی واته ئامێرەتەکنەلۆژیەکانیان وەرگرتووە، رۆح و جەوهەرییان رەتکردۆتەوه، بەمانای بیری فەلسەفی وزانستی بەمەترسییەکی گەورە دادەنێن بۆ سەر بیروباوەری لاهوتییان.

وئامادەن هەموو ئامێرەنوێیەکانی تەکنەلۆژیا لەپێناوه لەناوبردنیدا بەکاربهێنن.

بۆئەوەی زیاتر راستگۆو دادپەروەربینپێویسته بووتریٚ: هەروەها سەرمایەداری جیهانگیر بەتاڵکراو لەهەستی مرۆیی و ئەخلاق لێبرساوه لەبەرامبەر ئەو دۆخەدا، بۆیه باربیر لە ناونیشانەکەو هێرش دەکاته سەر هەردوو بەره، بەبیٚ ئەوەی لەیەك ئاستدا دایانبنیٚ، بەئەمریکابوونی جیهان هەژاری و نایەکسانی، بوون به قوربانی بازاری جیهانی لەگەلّ خۆیدا دێنێت، وهەست دەکەیت چارەنووست لەلایەن هێزەنادیارەکانی پشت پەردەوە،یا پەنجەدانان لەسەرئامێرەکانەوە دیاریکراوه.

بۆیە ئەگەر ڕێڕەوی جیهانگیری ڕاست نەکەینەوە، ئەوا جەنگ لـەدژی ئوسولـیە توندرەوەکان سەرکەوتن دەستەبەرناکات، کەتائێستاش بۆش بە پێچەوانەی کلینۆنەوە تێناگات.

ئوسولـّی جیهادی ڕقی لـەبەرامبەرە، چونکە سەربەباوەڕوئاین و مەزهەبەکەی نیە، ولـەبەرئەوەی باوەڕی بەڕاستییە پیرۆزەکەی ئەو نیە، کوشتن و خوێن ڕشتنی حەلاڵە.

بەبۆچوونی ئوسولـیەکان ئەوە کەسێکی بیٚ بوونە، وەك دەڵێن (ئاین لـەسنگیدا نییە) ونەزانە ،هیچ نیە، مێرووە، لـەبەرئەوە بەتاك و بەکۆمەڵ کوشتنیان کێشە دروست ناکات، بەپێچەوانەوە حەلاڵە و جێگای ڕەزامەندی خودایە.

وبێگومان هەموو ئوسولـییەك بەتەنیا ئاینی خۆی بەڕاست دادەنیٚ، وئاینەکانی دی بە چەواشەکار، وتەنانەت بەبیریدا نایەت کە ئوسولـیەکانی تر وەك ئەو بیردەکەنەوە بەلاٌم بەئاراستەی جیاواز: بۆنمونە ئوسولی کاسۆلـیکی باوەڕی وایە تەنها بیروباوەڕی کاسۆلـیکی ڕاستەو قبولـکراوە لای خودا، بەهەمان شێوە سەبارە بە ئوسولی یەهودی، وهندۆسی، بوزی،کۆنفۆشیۆسی.

.

.

.

هتد.

بەلاٌم سەرمایەداری جیهانی بەسیفەتی ئامێرێکی بەکاربەر یا ژمارەیەك لـەژمارەکان سەیری مرۆڤەکان دەکات، هەموو ئامانجیشی فراوانکردنی بازرگانی و کۆمپانیاکانیانە لـەهەموو جیهاندا ئەگەر بۆیان بکریٚ، وهەموو دەرهاویشتەکانی وەك کارەسات و مالـوێرانی وبرسێتی جێگای بایەخ پێدان نیە.

ولـەهەردوو حالـەتەکەدا مرۆڤ وەلانراوە، وەلانانی دووەم جیاوازی لـەگەڵ وەلانانی یەکەمدا هەیە، لـەڕووی تیۆرییەوە کوشتنی مرۆڤەکان حەلاڵ ناکات، چونکە ئایدۆلـۆژیایەکە لاهوتی نیە بەلـکو تەواو مادییە.

لـەڕاستیدا ئەو فەیلـەسوفانەی بەم دواییە ڕەخنەیان لـە مۆدێرنەی ڕۆژئاوا گرت، بابەتەکانیان بەڕوونی خوێندبۆوە کاتێك وتیان: بەبێگومان عەقڵ و زانست و تەکنەلـۆژیا هەموویان پێشکەوتن بەرهەم دێنن،هاوکات چەوساندنەوەو ئیمپریالـیەنیش بەرهەم دێنن. وچاکەکردن،دژەکەشی بەرهەم دێنیٚ کە گرێدراوی یەکترن، ئەمەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

ئەش بەمانای مۆدێرنە بۆتە دیاردەیەکی دیالـکتیك و گونجاو.

بەلاٌم خاسیەتی سەرەکی ئوسولـییەتی ئاینە توندرەوەکان ئەوەیە دیالـکتیکی نیە، بابەتەکان بەرەش و سپی دەخوێنێتەوە، بۆنمونە ڕۆشنگەری بەفەلـسەفەیەکی عەلمانیەتی کافر ئەژماردەکات.

لـەتێڕوانینی ئەوانەوە شارستانیەتی ڕۆژئاوا تاوانبارن، تەنها تەکنەلـۆژیا و داهێنانەکانیان نەبیٚ.

هەروەها دانەر چەند نمونەیەك دێنێتە پێش چاو سەبارەت بەپێکداداچوونی نێوان عەقلـیەتی ئوسولیو جیهانگیری ئەمریکی، کەماوەی چەند سالـێکە جیهان بەئامێرە زانیارییەکانی، چێشتخانەکانی ووێنەکان و ئەلـقە تەلـەفزیۆنەکان، و مۆسیقا میلـلیەکان.

.

تاد ڕادەمالـێت.

پیاوانی ئاینی ئێران لـەلایەکەوەکە لایەنگرانیان بۆ جیهاد کردن ئامادەدەکەن، ئەوپیاوانەشن لـە لایەکی ترەوە سەیری زنجیرە تەلـەڤزیۆنی ((دیناستی)) ئەمریکی دەکەن لـەسەر شاشەی تەلـەڤزیۆنەکان.

وکەنیسەی ئەرسەزۆکسی ڕووسی کە هەوڵی زیندوکردنەوەی باوەڕی کۆن و ئوسولـییەت دەدالـەدوای هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم، هاوتەریب هاوکاری سەرمایەدارە ئەمریکیەکان دەکات لـەپێناوی دەستبەسەراگرتنی ئاوی کانزایی و هەلـگرتنی لـەشوشەی پیرۆزدا کەناوی(ئاوی سەرچاوە پیرۆزەکان)!.

هەموو ئەمانەش لـەپێناوی بەدواداچوونی گەلانی سادە(باوەڕدار) وکرینی.

.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین سەرمایەداری تێکەڵاوی ئوسولیەت دەبێ،و مۆدێرنە بە کۆنەپەرستی و ماتریالیستی بەرۆحانیەت.

ودەمارگیرە سربیەکان لەلایەك جلی وەرزشی تێسکردن جۆری (ئەدیداس)یان دەپۆشی وگوێیان لە گۆرانییەکانی (مادۆنا) دەگرت، لەلایەکی دییەوە بۆردومانی هاوولاتیە سیڤیلەکانی بۆسنەیان دەکرد لە سەرایێڤۆ.

بەلآم یەهوودە توندرەو و نازییە نوێیەکان لەخاسیەتێکدا هاوبەشن: ئەویش بەکارهێنانی مۆسیقای رۆکی ئەمریکییە بۆ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتوویان! بەلآم ئوسولیە ئیسلامیەکان ئەکتیڤ بوون،لەبەکارهێنانی مایکەکانی دەنگ و کاسێتە تەسجیلکراوەکان،وتەنانەت ئەنتەرنێت وتازەترین ئامێری زانیاری،لەپێناوی گەیاندنی بۆچوونەکانیان و وتارەئاگرینەکانیان بۆ جەماوەر.

ئەم تێکچرژانە نامۆ و نائاساییەی نێوان نوێترین ئامێری تەکنەلۆژیا و کۆنترین ودواکەوتووترین جۆری بیرەکان، یەکێکە لەسیما دیارەکانی سەردەمی ئێستا.

رەنگە گەیشتبینە سەردەمی سەرسوڕهێنەران، وهیچ داواکردنێکی تر نیە.

بۆیە وشەی (جیهاد)ی بەکارهاتوو لەناونیشانی کتێبەکەدا، مانای جیهادی ئیسلامی ناگەیەنێت، بەڵکو هەموو ئوسولییە ئاینیەکانی تری دژی مۆدێرنە، بەلآم تاکەی؟ رەنگە دوای بیست یا سی سالّی دی، بەلآم نەك پێش ئەو، هیوادارین بەهەڵەدا چووبین.

تەنانەت دانەر باس لە جیهادی ئەمریکی دەکات و بەجیهادی ئیسلامی بەراوردی دەکات.

چونکە گەورەترین تەقینەوەی تیرۆریستی لەئەمریکا جگە لە (١١)ی سێپتەمبەر، تەقینەوەی ئۆکلاهۆما سیتی بوو کەبووە هۆی قوربانیدانی سەدان کەس، وراسترەوێکی توندرەوی ئەمریکی ئەنجامیدا.

بەهەمان شێوە دروشمی توندرەوە ئیسلامیەکانیان بەرزدەکردەوە.

باشە بۆ، دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا تەنها باس لە تیرۆری ئیسلامی وتوندرەوی ئیسلامی دەکات؟ وبۆچی کەمایەتیەکی توندرەوی بەهێز تێکەڵاو بە زۆرینەی موسوڵمانانی میانرەو دەکات؟ وکێ بەم جۆرەهاندەرە لەسەر موسوڵمانان،وبۆبەرژەوەندیکێ ؟.

بنیامین باربییر دەڵێت: دەوروبەری ساڵی(١٩٢

) شێخ حەسەن بەنا، دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیخوان ئلموسلمین، ئیدانەی ئەوشەپۆلی گومرایی و خراپیەیدەکرد کەروویکردۆتە میسر.

ووتی : خەریکە بنەما ئەخلاقی و ئاینیەکان بەبیانوی ئازادی بیر و تاك لەناوببات.

وخراپی رۆژئاوای لە ناردنی ئافرەتە نیمچە ڕووتەکان خستەروو! هەروەها باسی لەخراپی ناردنی خواردنەوە کهولیەکان و فلیمە سینەماییەکان، سەما رووتەکان، گۆڤارو چیرۆك، یارییە بێ مانا وخراپەکانی دەکرد.

بەم شێوەیە شێخ بەنا پێش سەردەمی جیهانگیری ئەمریکی کەوت و بەچاوی خۆی بینیویەتی پێش ئەوەی بیبێتەراستیەکی حاشاهەڵنەگر و جیهان بگرێتەوە.

هەروەها لەداگیرکردنی رۆشنبیری ئەوروپا بۆ میسر و هەمووجیهانی ئیسلامی مەترسییەکی گەورەترە،لەهەڵمەتەسەربازییە کۆلۆنیالییەکان.

وبەبیری تیژی زانی ئەوەی کە، داگیرکەری راستەوخۆ توانای نەبوو بیکات هاتنەناوەوەی رۆشنبیری دەیکات، دەتوانێ سوپاکان لەسەر سنور بووەستێنرێت، بەلآم بیرەکان سنوورییان نیە.

بەلآم قسەکانی هیچ جیاوازییان لەگەل قسەی پیاوانی ئاینی مەسیحی لەئەوروپا و ئەمریکا، وقسەی پاپاکانی ڤاتیکان نیە.

نمونەیەك دەخەینە روو: یەکێك لەسەرکردەکانی بزوتنەوەی پرۆتستانتی توندرەو لە ئینگلتەرا بەناوی (براین)، بەتوندی ئیدانەی شانۆگەرییەکی کرد چونکە هانی خراپە و بەرەلآیی ئەدات.

ووتی، ئەو شانۆگەرییە سیخناخە بەدیمەنی گومرایی،و سۆزی تواوە کە ئەخلاق خراپ دەکات،بەگوێرەی قسەکانی ژیانی نوێ، پرییەتی لەدیاردەی دژی ژیانی بێگەردی مەسیحیەت.

لەو بارەیەوە نمونەیەکی باسکرد، سەمای پیاو لەگەڵ ئافرەتدا.

هانای بۆ خودا بردوو گوتی ئەوە کاری ئەهریمەنە.

هەروەها ئاماژەی بۆ یارییەکانی بەخت، و وێنە ڕووتەکان،و وێنەی ئافرەتە ئالۆشهێنەرە رازاوەکان، ومۆسیقای ئالۆش ، دیارییەکانی سەری سالآن، رازاندنەوەی مێزی یادەکانی لەدایك بوون کەپڕە لەخواردن وخواردنەوە، وپێکەنین ونقوم بوون لەخۆشی و پێکەنیندا،کە هەموو ئەمانە مرۆڤ لەخودا دوردەخەنەوە و بیریان دەچێت.
هەروەها قسەکانی لەقسەی سەرکردە ئوسولیەکانی ئەمریکا وەك (باس رۆبیرتسۆن)، (باس کۆنان) ناچێت کەکاندیدی پێشووی سەرۆکایەتی ئەمریکا بوو، واو ژان ماری لۆبن ی فەرەنسا دەچێت.
کەهەموویان بانگێشەی گەراندنەوە بۆ پێودانگی خێزانی دەکەن کەتا سەدەی نۆزدە لەئەمریکا باوبوو، وبگەرێنەوە بۆ کەنیسە بۆبەجێهێنانی کارەپیرۆزەکانیان،وگەراندنەوەی نوێژ بۆ قوتابخانە ئەمریکیەکان دوای ئەوەی سیستمی عیلمانی رایبمالێت.
بەکورتی ئەمانە، بانگێشەی گەراندنەوە بۆ سەردەمی زێرینی ئەمریکای مەسیحی پرۆتستانتی دەکەن.
باربیر کۆتایی بەقسەکانی دەهێنێت و دەلێ: گومانی تێدانیە مۆدێرنە گەورەترین دوژمنیشی تەنانەت لەئەمریکای دلی بەهێزی سەرمایەداری، وجیهانگیری و مۆدێرنەدا هەیە! ئەوان رقییان لەکەلتوریگشتی دنیاییە،کەهەژموونی بەسەر کۆمەلگای ئەمریکیدا کردووە پێیان خۆش بیّ یان نا.
ئەو کەلتورەی کە رادیۆو تەلەفزیۆن پەخشی دەکات، وهەژموونی بەسەرتەواوی گەردوونی عەلمانیدا گرتووە، رۆشنبیری سیاسییە لیبرالەکان وەك نمونەی کلینتۆن و ئەوانی دی.
لیبرالیەکان خوێندنی تیوری گەشەسەندنی داروینیان لە قوتابخانەکانی ئەمریکا سەپاند، وبەبیانوی بێلایەنی و عەلمانیەت نوێژی مەسیحییان لە قوتابخانەکاندا یاساغ کرد.
بۆیە کلینتۆن کەسێکی زۆر بێزراوە لەلایەن راستڕەوی مەسیحی بەپێچەوانەی بۆشەوە کە زۆر خۆشەویستە، کە ئیمرۆ هاوپەیمانی مەسیحی دەستەبەریدەکات.
بۆیە دەتوانین بە کۆپییەکی راستڕەوی توندرەوە ئیسلامیەکانی دابنێین،چونکە بەلایەنی کەمەوە تائێستا پەنا بۆ لێدان دەبات.
هۆکەشی دەگەرێتەوە بۆئەوەی کە کەمایەتییەك لەناو کۆمەلگادا پێکدێنن، کەبیری مۆدێرنە و رۆشنگەری لێبوردنی ئاینی بەگشتی بالادەستە.
بەپێچەوانەی ئەفغانستان و پاکستان و ئێران و سەرجەم کۆمەلگا ئیسلامی و عەرەبیەکان، کەرێژەکەتەواو پێچەوانەیە.
کە هیچ کەسێك ناتوانێت بەئازادی هەوا هەلبمژێت لەترسی تاوانبارکردنی بەکافرو دەرچوون لەبیروباوەرەپیرۆزەکان.
بەلام چارەسەر چییە بۆ رزگاربوون لەمەترسی ئوسولیەتی ئاینی لەلایەك، وسەرمایەداری جیهانگیری چاوچنۆك لەلایەکی تر؟
بەپێچەوانەی وێناکردنمانەوە چارەسەر دەستبەرداربوونی جیهانگیری نیە، بەلکو بەزیاتر دیموکراسیکردن، ودادپەروەرترومرۆییانەترکردنی.
چونکە تەواوی سەرمایەداری نێگەتیف نیە، بەلکو پۆزەتیفی زۆرەو نکۆلی لێناکرێت، بەپێچەوانەوە توانای سەرکەوتنی بەسەر زۆر لەسیستمەکاندا نەدەبوو، تەنها کار پێویستە بخرێتە سەر رێرەوی راست و کەمکردنەوەی زیادەرۆییەکان.
بەلام سەبارەت بەئاین پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ناوەرۆکی رۆحانی و ئەخلاقی کەلەهەموان بەرزترە بکرێت،لەگەل ئایدۆلۆژییای توندرەو کەخۆی لەسەر ئاین ئەژماردەکات کەلەراستیدا خیانەت لەپەیامی ئاینەکەدەکات.
*جیهاد دژی بەئەمریکابوونی جیهان: جیهانگیری سەرمایەداروتوندرەوی ئوسولی دژی دیموکراتیەت.
دانەر /بنیامین باربییر.
خانەی چاپ/ هاشیت – پاریس.
١٩–١–٢.

٣---------------وەزیر و فەیلەسوفی فەرەنسی لەژیانی سەرکەوتوو دەکۆلێتەوە.
ژیانی سەرکەوتووچییە؟ لۆك فێری، نمونەیەکی بالایە و پێویستە وەربگێردرێتەسەرزمانی عەرەبی بەزووترلرین کات.

www. kurdistannet. org
20/05/2003 01:41
ئاشكرایە لۆك فێری لەم سالآنەی دواییدا كۆمەڵێك سەركەوتنی بەناوبانگی وەدەستهێناوە، دەیان سالّەكتێبەكانی بەتیراژی سەدان هەزار دەفرۆشرێت، وبۆدەیان مەلەفی جیهانی وەرگێردراوە، هاوكات بۆتە ئەستێرەیەكی رۆشنبیری شاشەكانی تەلەفزیۆن و میتینگ و كۆنگرە جیهانییەكان.

پاشان سەرەنجام بۆتە وەزیری پەروەردەوفێركردن و توێژینەوەی زانستی لەحكومەتی ئێستای جاك شیراكدا!دوای هەموو ئەمانە چ كەموكورییەكی هەیە!؟ وكتێبێك بەناونیشانی: مانای ژیانی سەركەوتوو چییە؟بنوسیَ.

لەراستیدا رِەنگە ناونیشانەكە خوێنەر چەواشە بكات، فەیلەسوف–وەزیر مەبەستی سەركەوتنی ماددی نیە لە ژیاندا، یاكۆكردنەوەی سەرجەم مۆدێلی ئۆتۆمبیلەكان لەگۆرەپانی خانووەكەیدا كۆبكاتەوە، یابوونی ژمارەیەكی خەیالّی لەبانكەكاندا،ویاخودگەیشتن بەپۆستی بەرێوەبەری گشتی كۆمپانییایەكی گەورە.

.

.

هتد، وەلَیَ مەبەستی بابەتی دییە.

هەموان دەزانین رۆژێك لەرۆژان ژیانمان كۆتایی پێدێت، بەلاّم پێش كۆتاییهێنان بەژیانمان، رەنگە پرسیارێك بكەین، ئایا ژیانێكی سەركەوتوو ژیاوم؟یا خۆش ژیاوم؟ تەنانەت پێش كۆتایی ولەسەرەتاكاندا بپرسین، چۆن ئایندەو ژیانم دروست بكەم؟ چۆن لەژیاندا سەركەوتووبموبوونی خۆم بسەلمێنم؟ لەسەر ئەم پرسیارە هەموو ئاین و فەلسەفەكان لەسەردەمەكانی كۆنەوە خولدەخۆن.

وهەموویان رێنمایی ئامادەكراوییان پێشكەشكردووین، بۆ بەردەوام بوونمان لەسەر چاكەكردن، وبۆئەوەی ژیانێكی خۆش رێك وراست و بەختەوەر بژین.

ئەم وەلاّمانەش لۆك فێری لەكتێبە چرِوپرِە (5.

.

(لاپەرِیەكەیدا باسی لێوەكردووە.

ئەو كتێبە لەچەند روِیەكەوە گرنگی هەیە،) چربە معلم)پێكدێنێت وەك دەلّێن، بێگومان كتێبێكی سەركەوتووە.

مەبەستم ئەوەنیە، لۆك فێری گەیشتۆتە نهێنی ژیان، ئەو نهێنیەی گرێ كوێرەیەك بوو بۆ فەیلەسوفەگەورەكانی پێشوو.

ئەمە دەلّێم وێرای ئەوەی ناوبراو خۆی بۆ كارێكی زۆر مەزن ئامادەكردووە، كەتائێستا هیچ كەسێك جورئەتی نەبووە بەگوێرەی زانیاریەكانم، مەبەستمە بلّێم دانەر توانیویەتی (توانا فەلسەفیەكانی) بەدرێژایی ٥.

.

لاپەرِە بەشێوەیەكی زۆر مامۆستایانەو لێهاتووانە دابرِێژێت.

خۆشیەكی گەورەیە كە مرۆڤ لەسەرەتاوە تا كۆتایی ئەم كتێبە بخوێنێتەوە .

عاشقانی فەلسەفە و بیر هیوایان بە فیرِۆ نارِوات لەدوای ئەو هەموو سەردەمە دوورودرێژەی لە ئەرستۆ یۆنانەوەدەست پێدەكات،وبەفەیلەسەفەكانی سەدەكانی ناوراستدا ئیبن رِوشد و تۆما ئەكوینی دا گوزەر دەكات، پاشان فەیلەسوفانی مۆدێرنە لەگەلّ وەستانێكی زۆر لای (سەردەمی نێتشەیەكان) تا ئیمرِۆ.

ناتوانم لەسەرهەموو تەوەرەكانی ئەم كتێبە گەورەیە بوەستم كەپێویستە بە زوترین كات وەرگێردرێتە سەر زمانی عەرەبی.

بەلاّم ئاماژە بۆ چەند تەوەرێكی فكری دەكەم،یا فیكرەی سەرەكی لەسەرەتاوە تا كۆتایی، كەبربرِەی پشتی كتێبەكە پێكدەهێنێت.

زۆر بەكورتی دەلّێم:لۆك فێری دەیەوێت ئاینێكی نویَ بۆ رۆژئاوا دابمەزرێنێت!ئەمەش ئامانجێكی لەخۆباییانەیە وەك هەندێك دەلّێن.

هەولّدەدەین مەسەلەكان بەشێوەیەكی دی بخەمەروو.

لۆك فێری كەتەمەنی كەمێك لەپەنجا سالّ زیاترە، واتە سەربەنەوەی ئێمەیە، دەیوێت رۆژئاوا لەقەیرانە شارستانیەكەی یاخود لەشارستانیەتە بۆگەنەكەی رزگاربكات، فێری دەزانێت رۆژئاوای سەردەم لەقەیرانێكی رۆحی و مەعنەویدایە، وهەست بەبۆشاییەكی

www. kurdistannet. org
20/05/2003 01:41

گەورە دەکات لەناوخۆدا، ودوو رێگا چارەسەری لەبەردەمدایە:یا نوقم بوون تا سەر مۆخ لەفەلسەفەی ماددی بەکاربەر وەك زۆرینە پەیڕەوی دەکات، وناگەڕێتەوەو هیچ پرسیارێك ناکات دەربارەی بوون.

وبوون هیچ مانایەك نابەخشێت، تەنها تێرکردنی هەست و ئالۆشە ماددییەکان وەك خواردن وخواردنەوە سیکس و رابواردن و یاریکردن، ئەمەش پرۆژەی شارستانیەتی کۆمەڵگاکانی ئەوروپای پێشکەوتوو دەوڵەمەندە کەگەیشتۆتە لوتکەی سەرمایەداری.

یان دەبێ بۆ ئاینە لەدوای رۆشنگەری و مۆدێرنە و فەلسەفەی ماددی بۆ ئاینە سەرەکییەکەی بگەڕێتەوە کە لێوەی دەرچووە، بێگومان مەبەستمان مەسیحیەتە.

بەلاَم لای ئاینەکانی ئەوپەڕی رۆژهەلاَت وبەتایبەتی بوزی بەدوای دلَنەوایی و تێرکردنی مەعنەوییدا دەگەڕێت.

بەلاَم فێری لە کۆتاییدا پێشنیاری سێهەم بۆ فەرەنسییەکان و تەواوی مرۆڤایەتی پێشکەش دەکات.

بۆیە دەلَێم ناوبراو مەبەستی ئاینێکی نوێیە بۆ مرۆڤایەتی، کەرەنگە ئەم زاراوەیەی پێخۆش نەبێ، لەبەرئەوە دەلَێین فەلسەفەیەکی نوێ دادەمەزرێنێت، کەهاوکات لەهەردوو فەلسەفەی تەواوی ماددییەت و ئاینەکانی دی تێپەڕدەکات.

ئایا فێری لەم هەولَەیدا سەرکەوتوو بووە یاخود نەء؟دیارە ئایندە وەلاَمی ئەم پرسیارەدەداتەوە.

گرنگترین بابەتێك لەو کتێبەدا وەلاَمی فەیلەسوف خۆی نیە، بەلَکو وەلاَمی فەیلەسوفانی پێش خۆی، کە زۆر بەڕوونی وبەمیتۆدێکی گونجاوو رێك و پێکەوە باسی لێوەدەکات.

هەموو فەیلەسوفە گەورەکان وێنای خۆیان بۆ بوون باسکردووە، وزۆر خۆشە بۆنمونە وەلاَمی ئەفلاتون، وئەرستۆ،و رواقییەکان و فەلسەفەی یۆنانی بەشێوەیەکە گشتی بزانین.

ولەدواییدا خۆشەئاگاداری وەلاَمەکانی دێکارت،وسپیۆنزاو فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری و نیتشە و فرۆید.

.

هتد بین.

هەموو فەلسەفەیەکی گەورە بەمانایەك لەمانکانی وەلاَمی ئەم پرسیارەیە: مانای بوون چییە؟ ولەکوێەوە هاتووین؟وبۆکوێ دەچین؟ ئەم پرسیارە گرداره بەدرێژایی سەردەمەکان مرۆڤی نیگەرانکردووە، وهەرفەیلەسوفێکیش وەلاَمی تایبەتی خۆی دەلَێ، وەلاَمەکان بەردەوام دەبن و پرسیارەکەش جێگیرە، وبەجێگیریش دەمێنێتەوە چونکە مردن هەیە و سوری ژیانیش بەردەوامە.

بەلاَم لوك فێری سێ وەلاَمی گەورەو یەك لەدوای یەکی لەمێژووی بیری ئەوروپیدا جیاکردۆتەوە ئەویش: لەسەردەمی یۆنانی، سەردەمی مەسیحی قرسگیە، سەردەمی مۆدێرنە.

یەکەمیان بەسەردەمی کۆسمۆپۆلیتی،واتەگەردوونی وبەرزی بابەتەکان ناوزەددەکات، فەیلەسوفەکانی یۆنان باسیان لەژیانی خۆش و باش نەدەکرد تەنها بەپێوانەکردنی شتێکی دەرەکی نەبێ ولەوبەرزتر بێ، ئەو شتەش گەردوونی گونجاوو جوان دروستکراوەکەلەچواردەورماندایە.

سەرئەنجام مرۆڤی ئغریقی باوەڕی وابوو کەلەم جیهانەیە و بۆئەویش دەگەڕێتەوە، وهەموو ماناکانی ژیانیشی لەم پەیوەندییەی لەگەلَ سیستمی جیهانیدا وەرگرتووە کەلێی بەرزترە.

ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکی و ئاوێتەییە ئەگەربگونجێت وبلَێین، ئەو نیگەرانی لەبەرامبەر مردندا کەم دەکردەوە، لەکۆتاییداگەردوونی سەرتاپاگی لەئامێزی دەگرێتەوە و تیایدا دەشاردرێتەوە، واتە لەگشتی گەورەی ناکۆتاییدا.

پاشان سەردەمی لاهوتی مەسیحی کەبۆماوەی هەزاروپێنجسەدساڵ هەژموونی بەسەرئەوروپادا کردبوو: واتە سەدەی هەژدە و نۆزدە، لێرەوە مرۆڤایەتی چووە قۆناغی بەرزی خوا دیاریکراوەکان.

گومانی تێدانیە ئغریقیەکان مانای بەرزێتی و خودایان دەزانی، بەلاَم لەلایان دیاریکراونەبوو.

وهەموو گەردوون گەورەیی و خودا و هێزییان نیشان ئەدا.

بەلاَم لەسەرەتای مەسیحیەت وئاینە تاکپەرستەکان بەشێوەیەکی گشتی، وێناکردنیان بۆ خودا جیاوازبوو، چونکە خودا لەدەرەوەی گەردوون بوو،لەبەرئەوەی دروستکەرییەتی، بەپێی بۆچوونی فەیلەسوفە ئغریقیەکان خودا تێکەلَ بەگەردوون کرابووجیانەبووبۆوە.

لیرەوە بەفەیلەسوفە بتپەرستەکان ناوزەدکران لەلایەن گەورە پیاوانی کەنیسە وبیریارانی مەسیحیەت، ئینجا ژیانی خۆش و سەرکەوتوو چووە ژێر چەمکێکی تری بەرزێتی، کەلەبنەڕەتەوە جیاوازی لەگەڵ چەمکە ئغریقیەکەدا هەیە.

وبابەتەکان پەیوەندییان بەدۆزینەوەی شوێنێکی گونجاوەوە نیە لەناو ئەم گەردوونە گەورەو فراوانەدا وئاوێزانی ببیت، وەك ئغریقیەکان وێنایان دەکرد، بەڵکو هەموو ماناکانی ژیان بۆتە ئەوەی خۆت بخەیتە ژێر دیدگای بەسۆزی خودا، وکرنۆش بۆ ویستەکانی بەریت و پەیوەست بی بە فرمایشت و نەهیەکانییەوە.

ئەگەر بەو شێوەیە جولاًیتەوە رزگارت بوو وژیانێکی خۆش و سەرکەوتوو رەزامەندت لای خودا دەستەبەرکرد.

گومانی تیدانیە کە وێناکردنی ئغریقی بۆ بەرزێتی کەمتر ئیماندارترە وەك لەوێنای مەسیحی، بۆ؟ چونکە ئغریقیەکان سیستمی خودایی بۆجیهان،بەجیهانەوە گرێدەدەن وجیابۆوەنیە،بەپێچەوانەی ئاینەیەکتاپەرستەکان، کەگەردوون بەدروستکراوی دروستکەرێك دادەنێ، هەمیشە ونەمرنیە، پاشان کۆتاییش نییە.

واتە ژیان لەدوای مردن لەوێناکردنی ئغریقیەکاندا.

هەروەها باوەڕ لای مەسیحیەکان جێگای مەعریفەی لای فەیلەسوفە یۆنانیەکان و ئەرستۆتالیسیەکان گرتەوە، ووەحیش جێگای عەقڵی گرتەوە، وێرای هەموو ئەم جیاوازییانەش ژیانی مرۆڤ لەهەردوو سیستمەکەدا هیچ مانایەکی نەبوو بەپێوانەکردنی شتێکی دەرەکی لەسەروو ئەوەوە، ئەو شتەش بەبەرزێتی ناودەنێن.

پاشان سەردەمی مۆدێرنە هات،کەبەتەواوی هەموو بەرزێتی وەلانا، بۆئەوەی تەنها ژیانی مرۆڤ بە سەرکەوتن و نسکۆکانی بەرامبەر ماددە بپێوێت.

واتە بەپێوانەکردنی ئەو بوونە هەستپێکراوەی رۆژانە بەهەموو خۆشی و ناخۆشیەکانەوە، وچێژو ئازارەکانیەوە تیایدادەژین.

هیچ شتێك نەلەپێشی نەلەدوای نیە، ژیان لەدوای مردن نییە! لیرەدا دابرانی گەورەی مۆدێرنە بە پێوانەکردن بە بیری ئاینی پێشخۆی ڕوودەدات، ئەویش دابرانێکە ئەوروپا توانی هەرسکردنی نەبوو تەنها لەدوای سێسەدەنەبێت.

تەنانەت هەندێك توێژ هەنن تائێستا هەرسییان نەکردووە و لەسەر وێناکردنی ئاینی مەسیحی داکۆکیدەکەن، وچاوەڕوانی ژیانێکی باشتر بێ لەم ژیانەدەکەن، ژیانی نەمری هەمیشەیی.

فەیلەسوفەکانی مۆدێرنە هەموو سیستمەکانی لاهوتی و میتافیزیکی پێشوویان لێکهەڵوەشاند، وتەنها پاشماوەی ئەو بیروباوەڕە باوو چەسپیوانە جێماوە.

بۆیە ئێستا مرۆڤی ئەوروپی هەست بە بۆشاییەك لەمانا و دابرانێکی رۆحی دەکات، بەگوێرەی لۆژیکی مۆدێرنە ژیانی سەرکەوتوو، بەدڵسۆزی بۆ ئاینێکی دیاریکراووپرانسیپێکی میتافیزیکی ناپێورێت، بەڵکە کورت دەکرێتەوە بۆ وشەیەك ئەویش:چری و پڕبوونە.

ئایا ژیانێکی چڕ و دەوڵەمەند و پرلەچێژوخۆشی ژیاویت؟ئەوا ژیانت خۆش وسەرکەوتووبووە، ئایا ژیانێکی دڵتەنگ و پڕ لە ناخۆشی و خەفەت و بێبەش لە خۆشییە مادی وئارەزووە بەکاربەرەکان ژیاویت؟ ئەوا ژیانت هاوتای توێکڵە پیازێك نیە.

ئەم وێناکردنە پراگماتیکی و مادییەی ژیانی مرۆڤایەتی بەسەر تێکرای کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و رۆژئاوادا بالآدەستە، وبەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی فەلسەفەی تەواوی مادیدایە، تەنانەت ئاژەڵ دەخوات ودەخواتەوە،ولەکۆتاییدا دەمرێ، وجیاوازی چییە؟فەیلەسوفانی مۆدێرنە چەمکی بەرزێتیان لەرەگ و ریشەوە هەڵکێشا، بەجۆرێك کەلەبەرچاووان ون بوو، ولەئاسۆی ژیانی رۆژانەی گەلانی ئەوروپادا دیارنەما.

کەئەمەش لەقەلاًییەوە ئێمەی گەلانی ئیسلامی و عەرەبی دادەندەچلکێنێت، کەلەرۆژهەلاًتەوە بۆیەکەمجار ڕوودەکەینە زانکۆکانی ئەوروپا.

دیدرۆ لاهوتی مەسیحی لێکهەڵوەشاند،بەبیانووی خورافە و وەهمەوە، نوێرباخ هێرشی کردە سەرمەسیحیەت چونکە داگیرکەری عەقڵە، ومارکس دەڵێت ئاین ئفیونی گەلانە، نیتشە تۆپە قورسە فەلسەفیەکانی لەپێناوی تێکشکاندنی بیروباوەڕەکانی ڕابردووبەکارهێنا،چونکە دەستکردی مرۆڤن نەك ئاسمان!(سەیری کتێبەکەی بکەن: مرۆیی،مرۆیی،زیادلەپێویست).

وفرۆید ئاینی مەسیحی و یەهودی بە گرێدانێکی شێتانەی پێناسەکرد.

وەلێ لەکاتێکدا ئەم فەیلەسوفانە هێرشییان دەکردە سەر مەسیحیەت،چونکە لەو سەردەمەدا هێزێکی چەوسێنەربوو ئازادی بیری خستبووە ژێر مەترسی، وەهەژموونی کەنیسەی کاسۆلیکی و ئوسولێ توندڕەو.

بەلاّم ئێستا بارودۆخەکە جیاوازە، ڕەنگە ئاین هیچ بوونێکی لەژیانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا نەبێت.

سەرەنجام پرسیارێك دێتە پێشیّ ئەویش: ئایا ڕۆژئاواگەشەکردنە گەورەو سەرکەوتنەکانی نەگەیشتۆتە دەرگای داخراو؟ ئایا پێویستی بەگەڕاندنەوە بۆ بەرزێتی نیە بەشێوازێکی تر؟ ئایا ناتوانین مانایەکی دی بەژیانمان بدەین جیاواز لەماناکانی مادی و سەرکەوتنە بەتاڵەکان؟ ئەو مانایەچییە؟ چۆن دەیگەیێ؟ کتێبەکەی فێری وەلاّمی ئەم پرسیارانەدەداتەوە، وێڕای ئەوەی وەلاّمەکانی جێگای قەناعەتم نەبوون بەلاّم پێویستە بەتێڕوانین و سەرنجدانەوە بخوێنرێتەوە، کەئەمەش هەڵوێستێکی تری دەوێ.

*

ژیانی سەرکەوتوو چییە؟ دانەر/ لۆك فێری/ خانەی چاپ/گراسیە–پاریس.

سەرچاوە:ئینتەرنێت.

ahmad_dokan@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت: ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.